**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**ژمارەی بڕیار: ١**

**ڕۆژی بڕیار: ٢٠١٥/٣/٣**

## بڕیار

### بڕیاری پاڵاوتن و پەسەندکردنی قائمقام و بەڕێوەبەری ناحیە لە کوردستان ـ عێراق

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی برگەی (١)ی ماددەی (١٠)ی ( یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق)ی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو پێمان دراوە، بڕیارماندا بە دەرکردنی بڕیاری ژمارە (١) ساڵی ٢٠١٥ کە پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق لە دانیشتنی دەسپێکی خولی بەهارە لە ٢٠١٥/٣/٣ پەسەندی کردووە:

**یەکەم:** مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە:

١ـ ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان.

٢ـ وەزارەتی ناوخۆ: وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان.

٣ـ یاسای پارێزگاکان: یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموارکراو.

دووەم:

١. قائمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکانی کوردستان - عێراق بە هەمان ئەو مەرج و پلە و ئەرك و دەسەلاٌتانەی لە یاسای پارێزگاکان دەق نووس کراون بە زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان - عێراق پەسەند دەکرێن لە ماوەی (١٥) رۆژ دوای پێشکەش کردنی ناوی یەك پالٌێوراو لەلایەن پارێزگار.

٢ـ ئەگەر پالٌێوراوەکە زۆرینەی پێویستی بە دەست نەهێنا، پارێزگار لە ماوەی (١٥) رۆژدا ناوی کاندیدێکی تر بە هەمان میکانیزم رەوانەی ئەنجومەنی پارێزگا دەکات، ئەو میکانیزمە بەردەوام دەبێت تا کاندید دەنگی پێویست بەدەست دێنێ.

٣. ناوی پەسەندکراو لە رێگەی پارێزگا بەرز دەکرێتەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ بە مەبەستی بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی وەزیران بۆ دەرکردنی فەرمانی دامەزراندن لە ماوەی (١٥) رۆژ لە رۆژی پەسەندکردنی.

سێیەم:

١. قائمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان لە ژێر چاودێری ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا دەبن، بەهەمان میکانیزمی چاودێری کردنی پارێزگار وەك لە بڕگەی (دووەم)ی ماددەی شەشەمی یاسای پارێزگاکان ئاماژەی بۆ کراوە.

٢ــ قائمقـام و بەڕێوەبـەری ناحیـەکانی کوردسـتان  ـ عێـراق لەلایـەنی کارگێڕییەوە پەیوەست دەبن بە وەزارەتی ناوخۆ لەڕێگای پارێزگاکان و ئیدارە سـەربەخۆکان، پارێزگار یان وەزیری نـاوخۆ بـۆی هەیـە داوای لادانـی قائمقام یان بەڕێوەبـەری ناحیە بکات، لەسـەر کارلادانیان بە ڕەزامەندی (٣/٢) دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا دەبێت.

**چوارەم:**

١ــ ئـەم بڕیـارە جێبـەجێ دەکرێـت تـا کـاتی هەڵبـژاردنی خـولی داهـاتووی ئەنجومـەنی پارێزگـا و قـەزا و ناحیـەکان، بـەپێی یاسای هەڵبـژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکانی هەرێم ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموارکراو.

٢. ئەم بڕیارە پارێزگای هەڵەبجە ناگرێتەوە.

**پێنجـەم:** لەســەر ئەنجومــەنی وەزیــران، وەزارەتــی نــاوخۆ و لایەنــە پەیوەندیـدارەکان پێویسـتە حوکمـەکانی ئـەم بڕیـارە جێبـەجێ بکەن.

شەشــەم: ئــەم بڕیــارە لــە ڕۆژی دەرچــوونیەوە جێبــەجێ دەکرێــت و لــە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

## هۆیەکانی دەرچوواندن

بەهۆی ئەنجام نـەدانی هەڵبـژاردنی ئەنجومـەنی قـەزا و ناحیـەکانی هـەرێمی کوردسـتان بـەپێی یاسـای ژمـارە (٤)ی سـاڵی٢٠٠٩ی هـەموارکراو، ئـەم بڕیـارە دەرچوێندرا.

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عیراق**

**هەولێر**

**٢٠١٥/٣/١٦**